# مۆرفۆفۆنێمی(/ ی /) لە زمانی کوردیی - دیالێکتی ناوەڕاستدا

دڵشاد محەمەد غریب[1]
[1] بەشی زمان کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd

## پوختەی توێژینەوە

مۆرفۆفۆنێمی(/ ی /) لە زمانی کوردیی - دیالێکتی ناوەڕاستدا، لە پێکهاتەکانی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و رستەسازیی) وەکو یەک فۆرم دەردەکەوێت، بەڵام لەبنەڕەتدا جیاوازن. توێژینەوەکە بە رێبازی (شیکاریی– پەسنیی) ئەنجامدراوە و هەندێک لەو پیچمە هاوفۆرمەکانی (/ی~یی) بەتیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی بەرهەمهێنان شیکردووەتەوە. بەمەبەستی خستنەڕوی نمونەکان لەپاڵ (ئەلفوبێی -فۆنێمیی) (ئەلفوبێی فۆنەتیکی- جیهانیی (IPA) یش، بەکارهێنراوە. نمونەکانیش لە ئاخاوتنی رۆژانەی ئەمڕۆی (دیالێکتی ناوەڕاست- زمانی کوردیی)ەوە وەرگیراون. لە وشەی هەمبەرییدا، وەکو (فۆنێم – بڕگەیی) لە گچکەترین جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت و لەگەڵ (/ی-y /) نیمچە نابڕگەییدا جودا کراوەتەوە. لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشدا وەکو مۆرفێمێکی بەند دەردەکەون و ئەرکی جودا جودا دەبینن و لە جێکەوتەکاندا بەهۆی (هێزstress-)ەوە، لە روی ئۆرگانییەوە خاو (/i:-یی/)، یاخود گرژ(/i- ی/) بەرجەستەدەکرێن.

**کلیلە وشە:** مورفۆفۆنێم، فۆنێم/پیت، مۆرفێم، بڕگەیی، نابڕگەیی.

## ملخص البحث

مورفوفونيمية (/ ي /)في اللغة الكردية- اللهجة الوسطى، في المستويات(الصوتية، الفونولوجية، المورفولوجية، النحوية) لها شكل واحد، ولكن بالأساس مختلفان. وتبنى المنهج البحث(الوصفي- تحليلي) حيث حلل بعض أشكال مورفوفونيمية (/ي~يي) حسب(النظرية التوليدية)، فضلا عن استعمال الحروف العالمية(IPA)الي الجانب الحروف الكردية. الأمثلة المدروسة/مأخوذة من اللغة الكردية- اللهجة الوسطى. ويعد فونيم (/ ي/) اصغر وحدة من اسهام كبير في بناء الكلمة الفونولوجية، اما من الناحية الصرفية والنحوية فهي اصغر وحدة اساسية لها معنى وتسهم في بناء وتركيب وحدة اكبر.

**الكلمات المفتاحية:** مورفوفونيم، فونيم، مورفيم، حرف علة، حرف الصحيح.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10431 |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/١٩ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٦ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.ی.د. دڵشاد محەمەد غریب، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

The morphophonemic (/i/) in the Central Kurdish dialect of the Kurdish language, in the (Phonetic, Phonological, Morphological, and Syntactic) structures appear as the same form, but they are different in their structures. This research is conducted on (analytical- descriptive) method, and aome of the equivalent forms of (/i/) are analyzed based on the principles of generative school. For the purpose of presenting the examples, along with the phonemic alphabet, international phonetic alphabet (IPA) is also used. The examples are taken from daily expressions in central Kurdish dialect. In compared words, the vowel phoneme proves itself in the smallest phonological two-word example, and is differed from the semi-consonant (/i/). In the morphological and syntactic structures, it performes different duties as a bound morpheme, and due to the present stress, the long sound of (/i:/) or the short (/i/) are embodied.

**Keywords:** Morphophonemic, phoneme, Morpheme, Vowels, consonants.

## ١/٠ ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بۆ (مۆرفۆفۆنێمی/ ی / لە زمانی کوردیی - دیالێکتی ناوەڕاست) تەرخانکراوە، هەوڵدەدات ئەرک و فۆڕمی مۆرفۆفۆنێمی(/ ی /) لە پێکهاتەکانی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)دا نیشانبدات.

## ٢/٠ ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، بگاتە ئەو ڕاستییەی، کە لەزمانی کوردییدا دەشێت هەندێک بیچم لەڕوی فۆڕمەوە لەیەک بچن، یاخود هاوبەشیی و لێکچوو لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام گریمانەکاریی ئەوە دەکرێت، ئەو بیچمانە لە فەرهەنگدا بە زانیاریی و واتای جیاوازەوە هەڵگیرابن. بۆیە دیاریکردنی کەسێتیی فۆنێمەکان و بڕگەیی (/i~ i:/) بەتایبەتیی و دەرکەوتنی هەمان فۆڕم وەکو مۆرفێم بە شێوەیەکی گشتیی زۆر گرینگە. واتا، بۆ خاوێتیی و گرژیی بڕگەییە لە چێوەی دابەشبوون پەیوەندیی بە (هێز)ەوە دەدەرێت، چونکە لە تەواوی توێژینەوەکەدا پشتیپێدەبسترێت و لەگەڵ (/ی-y /) نیمچە نابڕگەییدا جیاوازیی دەکرێت.

## ٣/٠ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر مۆرفۆفۆنێم ئەنجامدراون، بەرهەمی بەکەڵک و پڕ بایەخیان هێناوەتە ئەنجام، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێك لایەنیان کاری پراوپڕیان لەسەرنەکراوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. بۆیە بەپێویستی دەزانین، بەپێی توانا، هەندێك زانیاریی پێڕەوبەندانە لە بارەی مۆرفۆفۆنێمی (/ ی/) لە دوو توێژینەوەیەکی زانستییدا بخەینەڕوو. جگە لەئەوەی لە وشەی هەمبەرییدا، وەکو فۆنێم لە گچکەترین جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت. پێدەچێت لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشدا وەکو مۆرفێمێکی بەند ئەرکی جودا جودا ببینن. هەروەها لە زمانی کوردییدا مۆرفۆفۆنێمی (/ی/) یەک فۆڕمی هەیە، بەڵام پێشبینیدەکەین بەپێی جێکەوتەکانی (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)بڕگەدا، سێ وێنەی جیاوازیان هەبێت.

### ٤/٠ ڕێباز و تیۆریی کارپێکراو لە توێژینەوەکەدا:

توێژینەوەکە بە ڕێبازی (شیکاریی– پەسنیی) کاردەکات و دەیەوێت هەندێک لەو پیچمە هاوفۆڕمەکانی (/ی~یی) بەتیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی بەرهەمهێنان شیبکاتەوە. لەشیکردنەوەی نمونەکاندا لەپاڵ (ئەلفویێ -فۆنێمیی) کوردیی(ئەلفویێ فۆنەتیکی- جیهانیی (IPA)یش بەکاردەهێنرێت. نمونەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی (دیالێکتی ناوەڕاست- زمانی کوردیی)ەوە وەردەگیرێن و هەڵدەهێنجرێن، لە شیکردنەوەی نمونەکانەوە بە ئەنجام دەگەین.

### ٦/٠سنور و ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە، بریتییە لە چوارچێوە ستاندارد و فەرمییەکەی زمانی کوردیی– دیالێکتی ناوەڕاست. ناوەرۆکەکەیش لە پێشەکییەک و سێ تەوەر و ئەنجامی توێژینەوەکە پێکدێت.

تەوەری یەکەم: بنەما و تیۆری پێویست تایبەت بەناونیشانەکە دەخرێتەڕوو.

تەوەری دوەم: لە ڕوی فۆنەتیک- ئۆرگانیی و لایەنی فۆنۆلۆژییەوە نیشاندەدرێت و سەلماندنیان وەکو فۆنێم و ئاڵتەرناسیۆن لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، پاشان پەیوەندیی بەهێزەوە دیاریدەکرێت، چییە و چۆنە!.


تەوەری سێهەم: لە پێکهاتوی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)دا، وەکو مۆرفێمی بەند، ئەرک و پەیوەندییان بەهێزەوە دیاریدەکرێن.

### تەوەری یەکەم

### بنەماو تیۆری پێویست

### ١/١)زانیاریی فەرهەنگیی

فەرهەنگی ئاوەزیی کۆی زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی) وەک گەنجینەیەکە تێیدا کەرستەکانی زمان بەدەروازەی زانیارییەوە لەناو فەرهەنگدا بەنیشانەکانیانەوە تۆمارکراون و هەڵگیراون، کەرەستەکانیش بریتیین، لە(فۆنێم و مۆرفێم و وشە...هتد) کە هەڵگری زانیاریی واتایین. سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکییەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، کەرەستەکانیش خاوەنی دروستەیەکی چڕ و ئاڵۆزی ناوەکیی خۆیانن. ناسینەوەی (فۆڕم/ئایتم)ە فەرهەنکییەکان لەسەر بنەمای ناسینەوەی فۆڕم و واتایی نیشاندەدرێن. واتا، فۆڕمی جیاواز بۆ واتای جیاواز دادەڕێژرێت(محەمەد:٢٠٢١: ١٧). لەناو زماندا(ڕێسا، پارامیتەر، کەرەستە، پەیوەندیی، پێکهاتە)بونی هەیە. پەیوەندیی ناو پێکهاتەیەک بەخۆیەوە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانیش هەن و لە هەمو ئەمانە پێڕەو دروستبووە، ئەگەر پێڕەوەکە گەورە بوو پێی دەوترێت(مۆدێل) و لێکۆڵینەوەی زمانیش دەریخستووە، کە مۆدێلی زمان لە مێشکدایە (مەحویی:٢٠١٠: ٣-٤).




واتا، زمان پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە و بە کەرەستە و یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی کاردەکات، بەڵام بەهۆی هەڵگری زانیارییەکانەوە فەرهەنگ جڵەوی ڕێزمان دەگرێت. مۆدولەکانی مێشک( هۆش، بییر، زمان...هتد)هەریەک لەئەوانە مۆدولێکی بچوکن، هەمویان پێکەوە بەپێی ڕێسا و یاسا و مەرج کاردەکەن. لە زانستی زماندا - فۆنۆلۆژیی بەپێی ئەو ڕێسا و یاسا و مەرجانە پەیوەندیی بە(مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) ەوە هەیە. لە نێوان پێکهاتوەکانی(فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس)یش پەیوەندیی هەیە، بۆ کارکردن لەناو پێکهاتووەکاندا کۆمەڵێک ڕێسا و یاسا و مەرج هەن، کە بۆ دۆزینەوە و ڕیکخستنەوەی کەرەستەکانن. سەرچاوەکان کە کەرەستەی لێوەردەگیرێن فەرهەنگە، کە کەرەستە ڕێزمانییەکانی تێیدا گەنجکراوە. بەوواتایە، فەرهەنگ دارشتەی (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی)انەی بۆ ناساندنی زمانی کوردیی هەیە، بۆ نمونە لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا، پێرەوێک لە فۆنێمی هەیە و لە ڕێگای ئەو فۆنێمانەوە (وشە/مۆرفێم)ی فۆنۆلۆژیی پێکدەهێنرێت، وەک:(/شار، یاریی، هاتن، جوان....هتد/) توخمە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەوەیان ئەوە دەبەخشێت، کە لە زنجیرە دەنگەکان(سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان) دروستبوون، بەم پێیە دروستەیەکی ناوەوەی internal phonological structures خۆی هەیە(مەحویی: ٢٠٢١: ٢). دەتوانرێت بگوترێت، سەگمێنتە فەرهەنگییەکان پرۆژەسازدەرن و(کردار و ناو و ئاوەڵناو و پێشناو و هتد.....) دەگرێتەوە، کە بوون بە ڕێزمانیان پێشبینیلێکراوە، چونکە هەریەکێک لەوانە خورتیانە لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییدا چالاکن و پرۆژە سازدەدەن(مەعرووف، غەریب: ٢٠٢١: ١٦٧). زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆرمدارشتن لە ڕێزماندا. بەو واتایە، مۆرفێمە بەندەکانیش، وەکو داتاکانی ناو فەرهەنگ لە شێوەی فۆرمی نەشکاوە هەڵگیراون و لە نێوان ئەو داتانەدا نواندنێک هەیە، کە فۆرمەکان دیارییدەکات.

## ١-١/١)چەمک و پێناسەی مۆرفۆفۆنێم

سەرەتا بیری (مۆرفۆفۆنێم) وەکو زانستێکی نوێ بۆ( بلۆمفیلد) دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆنانکاریی ئامریکایی دەگەڕێتەوە. دواتر بەشێوەیەکی زانستیی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (چۆمسکیی) لەژێر ناوی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) پێکهاتەی (یاسا مۆرفۆفۆنێم) زیاتر گرینگی پێدراوە و بوبووە جێگای سەرنجی زمانناسان، کە بەیەکێک لە تیۆرە بەناوبانگەکانی جیهانیی ئاژماردەکریت (یونس: ٢٠٠٩: ٤٩). ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە چێوەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە جێبەجێدەکرێت، زمانی کوردیی-دیالێکتی ناوەڕاست، ڕێزمانەکەی تێکەڵی لە چەشنی(/ی~یی/)هەیە، کە پێکهاتەکانی زمان(فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس)تێکەڵ بەیەکتربوون و لەگەڵ یەکتریشدا لە پەیوەندیی

و پێکەوەکارکردندان. بەوواتایە، پێکهاتەکان تێکچڕژاو و لە پەیوەندیدان، ئەو پێواژۆیانەی، کە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی تێیدا بەشداری دەکەن بە(مۆرفۆفۆنۆلۆژیی/ فۆنۆمۆرفۆلۆژیی)ناودەبرێن. لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (دەنگووشەسازیی) بەکارهاتووە (ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٢٧٥). مۆرفۆفۆنێم وەکو پێکهاتویەکی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی لە زانستی زماندا دیاریکراوە و لەو فۆرمانە دەدوێت، کە لە ڕوی فۆڕمە لەیەکدەچن، بەڵام لە ڕوی ئەرک و واتاوە جیاوازن. یاخود لە فۆرمانە دەکۆڵێتەوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفێمەکان بەمەبەستی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژیی نوێ، وەک: (دارێژراو، لێکدراو). یاخود لە پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ناوەکردارییەکاندا، هەندێک پێواژۆی فۆنۆلۆژیی، وکو(کەوتن، هەڵتۆقین، گۆڕانی دەنگیی...هتد.) دێنە ئاراوە، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەدا پێکهاتەی(مۆرفۆفۆنیم) دێتە ئاراوە (کەریم: ٢٠١٥: ١٠-١٣). سەرەڕای ئەوەیش، ئەو پێواژۆیانەی، کە فۆنۆلۆژیی و سینتاکس تێیدا بەشداری دەکەن بە(مۆرفۆفۆسینتاکسی)ناسراون. لەم توێژینەوەیە پتر گرینگیی بەو فۆرمانە دراوە، کە لە فۆنۆلۆژییدا فۆنێمن و لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا مۆرفێمن، نەک گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان. بۆ نمونە وشەی(/نیسک/) فۆڕمی ([ی[i~]) وەکو سەگمینتێکی فۆنۆلۆژیی بەشداریی لە دروستکردنی وشەکەدا کردووە، بۆیە پێی دەوترێت فۆنێم.

سەرەڕای ئەوەیش، بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت، کە هەمان فۆڕمی([ی[i~ وەکو مۆرفێمی بەند ئەرک ببێنیت، بۆ نمونە لە فرێزی (/ماڵ + ی + ئێوە/)دا، ئەو فۆڕمە لە فۆنێم دەچێت، بەڵام وەکو مۆرفێم ئەرکی مۆرفێمی (خستنەپاڵ/ئیزافە)ی بینیووە. بۆیە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت (مۆرفۆفۆنیم)ئەو مۆرفێمانەن، کە لە ڕوی بیچم و پێکهاتەوە لە یەك فۆنێم پێکهاتوون و سەر بە پێکهاتوی(مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی)بن. واتا، لە فەرهەنگدا هەریەکەیان دەروازەی تایبەتی خۆیان هەیە و جیاوازن. کرۆکی توێژینەوەکەیش زیاتر لەو زانیارییانەی سەرەوە خۆی دەبینێتەوە.

## تەوەری دوهەم

## زانیاریی گشتیی

### ٢-١/١) مۆرفۆفۆنیمی ([ی[ i~) لە ڕوانگەی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژییەوە

لە زمانی کوردییدا، زۆر گرینکە فۆڕمەکانی ([ی[i~)، ([یی[i:~)، ([ی[y~)لە ڕوی پێکهاتوی فۆنەتیکیی/ئۆرگانیی و فۆنۆلۆژییەوە دیارییبکرێن، چونکە فۆڕمە جیاوازەکان لەبنەڕەتدا لەناو فەرهەنگی ئاوازییدا بەنیشانەکانیانەوە هەڵگیراون. دەنگەکان لە ڕوی ئۆرگانییەوە Articulation وەك (+زرنگەدەرەوەیی، –زرنگەدەرەوەیی)، یاخود (بڕگەیی و نابڕگەییە)وە دیارییدەکرێن و پێناسەیان بۆدەکرێت. جیاکردنەوەی دەنگەکان لە نێوان یەکەکانی )پەسەندکردنی فۆنەتیکیی –phonetic description ) و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان )پەسەندکردنی فۆنۆلۆژیی –phonological description ) گرنگ و پێویستن. لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆژییەکاندا بۆ جیاکردنەوە (دەنگ) و (فۆنێم)، ئەو نەریتە خۆی سپاندووە، کە بۆ نوسینی دەنگە دەربڕاوەکان لە نیوان دوو کەوانەی شکاوە ([ ]) و فۆنێمەکان لە نیوان دوو هێڵی لار(//)دا بنوسرێن (مەحویی: ٢٠٠٨: ٧٠-٧١). ئاشکرایە، دەنگەکان لەکاتی دروستکردن و درکاندنیاندا با لە دەم دێتە دەرەوە و وەکو یەک دەرنابڕرێن و بەرجەستەناکرین. بەشێوەیەکی گشتیی، ڕەهەندە ئۆرگانییەکان دابەشدەکرێن بۆ: (ا) ڕادە و پلەی کراوەیی دەم (داخراو تا کراوە)، (ب) جێکەوتەی بەرزترین بەشی زمان (پێشەوە تا پشتەوە)، (پ) شێوەی لچولێو (خڕکراوە تا خرنەکراوە).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### ١-٢-١/١) فۆڕمەکانی [ی] [i~] لە دابەشبووندا

لە زمانی کوردیدا، کۆمەڵێک دەنگ بەفۆنێم ئەژمارکراون و جۆری دەنگەکان جیاوازییان هەیە، پێشبینی دەکرێت دەنگی [] ی[i~] وەکو سەگمێنتێکی فۆنۆلۆژیی لەگەڵ هاوفۆڕمەکانیدا دوو فۆنێمی جیاواز بن، هەریەکەیانیش لەجێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا هەمبەرییان هەبێت و ئەرکیان جیاواز بێت. بۆ نمونە، بڕگەییە خاو و هێز لەسەرەکان بە گرافێمی ([i:]) و بڕگەییە گرژ و بێهێزەکانیش بە گرافێمی [] (i)وەکو ئەلەفۆن نیشاندەدرێن (غەریب، عبدالرحمن، نوری : ٢٠٢١: ٦٥٥) لەپاڵ ئەوەیشدا، نیمچە نابڕگەییەکەیش بە گرافێمی [] (y) دەنوسرێت. واتە، لە بڕگەکانی ناوەوە و کۆتایی وشەی فەرهەنگییدا جیاواز دەردەکەون. بۆ ئەوەی فۆنێم لەجێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژیدا، کەسێتی فۆنێمیان بسەلمێنرێت، چەند هەنگاوێک دەگرینەبەر.

### ٢-٢-١/١) پۆلێنکردنی دەنگەکان و خستنەتەکیەک

فۆنۆلۆژیی لەزمانی ئاخاوتنی هەمو زمانەکاندا وەکیەک نیین، بۆیە گرینگە پێڕەوی بڕگەیی و نابڕگەییەکان پۆلێنبکرێن، لەمڕووەوە هەر زمانێک کۆمەڵێک مەرج و یاسا و کۆتوبەندی دیارییکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە، کە سەر بە دروستەی فۆنۆلۆژیین.

بۆ ئەوەی سەگمێنت- بڕگەیی [i ~ i:] و نیمچە نابڕگەیی([y]) لەیەک جودا بکرێنەوە و دەستنیشان و پۆلێنبکرێن، چەند هەنگاوێک جێبەجێدەکرێت بۆ سەلماندنی ئەوەی، کام لەو دەنگانە فۆنێمن و ئەرك لە پێکهاتوی وشەی فۆنۆلۆژییدا دەبینن، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند هەنگاوێک دەگیرێتەبەر، لەوانە، وەک:

یەکهەم- شیکردنەوەی تەکنشینی لەیەکترازاندن و جیاکرنەوەی زنجیرە (دەنگ - فۆنەکان) بۆ گچکەترین یەکەکانیان، پاشان زنجیرە دەنگەکان بۆ فۆنەکان و لەیەکترازاندنیان، پێواژۆکەیش لەڕێی بیستنەوە پەیڕەودەکرێت، وەک:

١-ا) [ ت] [ی] [ر] [t] [i:] [r]

ب) [ ب] [ی ] [B] [i]

پ) [ ی] [ا] [ر] [y] [a] [r]

نمونەکانی سەرەوە(١-ا، ب، پ) ئەوە دەسەلمێنن، کە دەنگەکانی ([i:, i ]) وەکو (دەنگ/فۆن) لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بەرجەستە دەکرێن، بەڵام لەسەرەتای بڕگە و وشەی فۆنۆلۆژیدا دەرناکەون، ئەمیش لە ڕوی فۆنۆتاکتیکەوە تایبەتمەندیی زمانەکە نیشاندەدات. هەروەها دەنگی ([y]) یش، بە زۆری لەسەرەتای بڕگە و وشەی فۆنۆلۆژییدا بەرجەستە دەکرێت.

دوهەم- جیاکردنەوەی دەنگەکان - فۆنەکان وەك فۆنێم لە ڕێگای دروستکردنی گچکەترین جووتەوە بۆ دەنگە هەمبەرییەکان، یاخود واتا گۆڕەکانەوە جێبەجێدەکرێت. بەوواتایە، هەر سەگمێنتێکی فۆنۆلۆژیی لەناو پێڕەوێکدا جێکەوتەیەک وەردەگرێت و لە پەیوەندییە جێنشینییەکاندا هەمبەریین، یان لە جۆری ئازاددن، وەک:

٢-ا)/ تییر/ : / تار/ t /i:/ r : t /a:/ r

ب)/ تییر/ : / تیر/* t /i:/ r : *t /i/ r

پ) / یەک/ : / وەک/ y/ a k : /w/ a k/

لە هەنگاوی (٢-ا) دا، ئەوە دەردەخات، کە فۆنی[i: ] لە وشەی هەمبەرییدا فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام لە (٢-ب) دا، دەنگەکانی [i:, i ]) لە وشەی فۆنۆلۆژییدا وەکو هەمبەریی بەدیناکرێن، دەکرێت وەکو ئاڵتەرناسیۆنی یەکتر لەقەڵەمبدرێن، چونکە لە وشەی هەمبەرییدا واتاگۆڕ نیین، وەک *(/تییر : تیر/)( غەریب: ٢٠١٦: ٥٤). هەریەک لە سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان واتایان نییە، بەڵکو بەهای هەمبەرییان

هەیە، بۆیە لەناو فەرهەنگی مێشکدا هەڵکری واتان.

نیمچە نابڕگەیی ([y]) لەسەرەتای برگە و وشەی فۆنۆلۆژییدا فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت و وەک (خشپەدەنگ - obstruents ) و ( زرنگدەرەوەییەکان- sonorance)، تەنها لە وەچەپێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی برگەدا دەردەکەوێت و برگە دروستناکات، لە ڕوی (ئۆرگانیی/ فۆنەتیکیی)ەوە لە دەنگە بڕگەییەکان دەچێت، تەنها ئەوە نەبێت، ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ دركاندنی لە برگەییەکان کەمترە، جگە لە ئەوەیش هەڵوێستی زمان جۆرە جوڵەیەکی تێدایە، بەڵام لە برگەییەکاندا ئەو جوڵەیە بەرجەستە ناکرێت (ساڵح، دزەیی، محەمەد: ٢٠١٥ :٢٣).

یەکەم- دەنگی [i: ~i ]) لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا

١) برگەیی ( <یی/ ی> ~ /i:~i/) لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژیی(cv, cvc) یەک برگەی داخراو و کراوەدا:

ا) / تییر/ [ti:r]

ب) / سیی/ [si:]

پ) / # / ] # [

نموونەکانی(١-ا، ب، پ) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە برگەیی (/ یی/ ~/i:/) لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام لەسەرەتای برگە و وشەدا دەرناکەوێت، لە ڕوی ئۆرگانیشەوە بەهۆی بونی هێزی سەرەکیی لەسەر برگەییەکە، بۆیە (خاو/ درێژ) دەردەبڕرێت، زۆر گرینگیشە لە نوسینیشدا بەو گرافیمە سەرەوە بنوسرێت، نەک(ی-i) گرژ. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، کە هەندێک وشەی فۆنۆلۆژیی لە جۆری(cv)دا، لە بنەڕەتدا و لەناو فەرهەنگی مێشکدا(/ بی/ - [bi] ) مارکەلێدراون و هەڵگری هێزی لاوەکیین و گرژ دەردەبڕرێن. بەوواتایە لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژیی( یەک، دوو، سێ...) برگەییدا، ئەگەر کەوتە کۆتایی برگەوە بەهۆی ئامادە بونی هێزەوە بەزۆریی خاو و درێژ بەرجەستەدەکرێت(مەحوی: ٢٠١٦: ٣٢٦).

٢) برگەیی ( <یی/ ی> ~ /i:~i/) لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژیی (cvcc) دا، وەک:

ا) / نیسک/ [nisk]

ب) / بیست/ [bist]

نموونەکانی(٢-ا، ب) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە برگەیی( / ی /) وەکو فۆنێم سەلمێنراوە، لەڕوی ئۆرگانیی و بەهۆی ئامادەنەبونی هێزی سەرەکییەوە (گرژ/کورت) بەرجەستەدەکرێت، بۆیە لە دروستنوسییدا بە گرافیمی(ی-i) گرژ بنوسرێت گونجاوترە.

لەڕوی ئۆرگانییەوە دەنگی ([i: ~ i ]) بە برگەییە یەک دەنگییەکە ناسراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، زانیارییەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە لە زمانی کوردیدا برگییەکان بەهیچ چەشنێک لەسەرەتای برگ و وشەوە دەرناکەون و ڕێگەپێنەدراون، لە هەندێک لەجێکەوتەکانی وشەدا (گرژ)ن، بەڵام بەهۆی هێز سەرەکییەوە دەشێت (/ یی/) خاو گۆبکرێت و بنوسرێت. واتا، لە زمانی کوردییدا، برگەیی(/ی/) لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا یەک فۆنێمە و دوو([ i ~:i]) وێنەی هەیە و ئاڵتەرناسیۆنی یەکترن، بۆیە دەکرێت وەکو ئەلەفۆن پێناسەیان بۆ بکرێت و نیشانبدرێن.

دوهەم- دەنگی ]ی-[y) لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا

٣-ا) / یار/ [ya:r]

ب) / # /

پ) / # /


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نمونەکانی(٣-ا، ب، پ) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە نابرگەیی(/ی-y/) وەکو فۆنێم سەلمێنراوە، بەزۆریش لەسەرەتای برگە و وشەدا بەرجەستەدەکرێت، لەناوەڕاست و کۆتایی برگەدا بەدەگمەن دەبینرێتەوە. لەڕوی ئۆرگانیی و بەهۆی ئامادەنەبونی هێزی سەرەکییەوە (گرژ/ کورت) بەرجەستەدەکرێت، بۆیە لە دروستنوسیيدا بە گرافیمی(ی- y) گرژ بنوسرێت گونجاوترە. واتا، زانیارییەکانی(١، ٢، ٣-ا، ب، پ) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، لە زمانی کوردییدا فۆڕمی(/ی/) لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا دوو فۆنێمی جیاوازن و سێ ([i:~ i, y ]) وێنەیان هەیە.

## تەوەری سێهەم

## پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس

### ١/٢) مۆرفۆفۆنێمی (/ی i~/) لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا

پێشتر و لە (١-٢-١)دا ، هەندێک زانیاریی و ڕونکردنەوی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژیی لەبارەی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکانی ([i:~ i, y ]) پەیوەست بە ناسینەوەیان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا نیشاندران. هەر لەو زانیارییانەوە هەنگاو بەرەو خستنەڕوی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان تایبەت بە فۆڕمەکانی (/ - ی/) و وەکو مۆرفێم دەنێین. مۆرفۆلۆژیی بەپێی یاساو ڕێساکانی کەرەستەی فەرهەنگیی بۆ پرۆسەکانی هەڵگواستن و لێکدان وەردەگرێت، بەوەش لەم پێکهاتەیەدا فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدێت. وشە مۆرفۆلۆژییەکان وشەی ناسادەن و لە فۆڕمە فەرهەنگییەکانەوە (وشە سادە و مۆرفێمەکانەوە) بەرهەمدەهێنرێن. وشە (فۆنۆلۆژیی/فەرهەنگیی) ەکان ئەوانەی لە پێواژۆی لێکداندا بەشدارییدەکەن، ئەو توخمانەن، کە پرۆژەسازدەرن و توانای بەرهەمهێنانی کەرەستەی مۆرفۆلۆژییان هەیە. هەر پەیوەست بە (مۆرفێم- مۆرفۆلۆژیی)ەوە، زۆر گرینگە هەندێک ڕونکردنەوە لەسەر ئەو لێکسیمانەیش نیشانبدەین، کە لە ڕوی فۆرمەوە لەیەک دەچن، بەڵام لەبنەڕەتدا مارکەلێدراون و لەناو فەرهەنگی مێشکدا بەنیشانەی واتایی جیاوازەوە تۆمارکراون. بۆیە، ئەرکی جیاوازیان هەیە و هەمان مۆرفێم نیین. دەستنیشانکردنی مۆرفێم و جۆری مۆرفێمەکان بەیەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی مۆرفۆلۆژیش دەژمێردرێت.

لەسەر ئەو بنەمایە، وەهای دادەنێین مۆرفۆفۆنێمی(/ - ی/) لەدیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، لە پێکهاتوی (مۆرفۆلۆژیی- وشە دروستکردن)دا، وەکو مۆرفێمێکی بەند- وشەدارێژ چەند ئەرکێک ببینێت.

### یەکەم- مۆرفۆفۆنێمی (/-ی/) وەکو پاشگر

وشە دروستکردن بۆ چەمکی نوێ یەکێکە لە گۆکردنە سەرەکییەکانی مۆرفۆلۆژیای هەڵگواستن، چونکە تەرزەکانی هەڵگواستن بە گشتیی پۆلەوشە بنەغەکانیان دەگۆڕن. بەوواتایە، لە ڕێگای مۆرفێمە بەندە (وشەدارێژ-پاشگر)ەکانەوە وشەی مۆرفۆلۆژیی- نوێ دروستدەکرێت. لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژییدا سروشتی هەندێک پاشگرە، کە لەگەڵ هەمو وشەیەکدا نایەن، یان ئەو وشەیە پەسەنددەکەن کە ئەرکی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژیی دەبینن و لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا ئەرکێکی باڵا دەبینن، وەک:

١) ئاوەڵناو+ (/-ی/)پاشگر

ا)/جوان/ + /ی/ = /جوانیی/[:dʒwa . n´i]

ب)/ئازاد/ + /ی/ = /ئازادیی/[:ʔa . za . d´i]]

پ)/تاڵ/ + /ی/ = /تاڵیی/[:ta . ɫ´i]

ت)/ڕەش/ + /ی/ = /ڕەشیی/[:Re . ʃ´i]

نمونەکانی(١-ا، ب، پ، ت) دەرخەری ئەو ڕاستییەن و ئەوەمان پێدەڵێن، کە لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژییدا، فۆڕمی(/ ی /) وەکو پاشگری (ناوی چۆنێتیی/ئەبستراکت) لەگەڵ (ئاوەڵناو)دا بەشداریی لە دروستکردنی ناوی دارێژراو کردووە، بەو واتایە ئاوەڵناوی سادەی کردووە بە )ناوی چۆنێتیی- quality nouns)دارێژراودا. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، بەهۆی بونی هێزی سەرەکیی لەسەر برگەی کۆتایی و بەتایبەتی

برگەییەکە ، بۆیە لە ڕوی ئۆرگانیشەوە (درێژ) دەردەبڕێت، زۆر گرینگیشە لە نوسینیشدا بە گرافیمی ([ی] i:~) بنوسرێت، نەک(ی-i) گرژ.

٢) ناو+ (/-ی/)پاشگر

ا)/کەلار/ + /-ی/ = /کەلاری/[kə . la . r´i:]

ب)/دەریا/ + /-ی/ = / دەریایی/[dər. y´ai:]

پ)/پرتەقاڵ / + /-ی/ = / پرتەقاڵی/[pɨr . tə . qa .ɫ´i:]

لەبەر ڕۆشنایی نمونەکانی(٢-ا، ب، پ)دا، دەبینین کە فۆرمی( /- ی /) وەکو پاشگری وشەدارێژ ئاوەڵناوی (بۆگەڕاوە/خاوەنداریی) لەگەڵ ناوی (شوێن و ڕەگەز)دا هاتووە و بەشداریی لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بۆگەڕاوە کردووە( مەحویی: ٢٠٢١: ٤٢٧). واتا، ناوی سادەی کردووە بە ئاوەڵناوی دارێژراو. بەهۆی ئامادەبونی هێزی سەرەکیی لەسەر برگەی کۆتایی و بەتایبەتی برگەیی ( /- یی /) ەکە، بۆیە لە ڕوی ئۆرگانیشەوە (خاو/ درێژ) دەردەبڕێت، زۆر گرینگیشە لە نوسینیشدا بە گرافیمی ([یی] i:~) بنوسرێت.

## ١/٣) مۆرفۆفۆنێمی ([ی] i~) لە پێکهاتوی سینتاکسدا

پێشتر و لە (٢-١)دا ، هەندێک زانیاریی و ڕونکردنەوی مۆرفۆلۆژیی لەبارەی مۆرفۆفۆنێمی ([ی]i~ /، یی[ i:~]) پەیوەست بە ناسینەوەیان لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا نیشاندران. هەر لەو زانیارییانەوە هەنگاو بەرەو خستنەڕوی ئەرکی فۆرمەکانی (/ - ی/) وەکو مۆرفیمێکی ڕێزمانی-سینتاکسیی دەنێین، نەک پێواژۆ (مۆرفۆفۆنۆسینتاکسیی)ەکان، کە لە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی، وەکو(هەڵتۆقین و کەوتن...هتد)دەدوێت، بەڵکو زیاتر گرینگیی بەو فۆرمانە دەدرێت، کە لەم پێکهاتەیەدا بەشداریی لە دروستەی( فرێز و ڕست)دا دەکەن و بەبەرهەمن. بۆیە زۆر گرینگە هەندێک ڕونکردنەوە لەسەر ئەو لێکسیمانەیش نیشانبدەین، کە لە ڕوی فۆرمەوە([ی] i~) لەیەک دەچن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەرکی جیاوازیان هەیە و هەمان مۆرفیمی سینتاکسیی نین. دەستنیشانکردنی مۆرفێمە ڕێزمانییەکان و جۆری مۆرفێمەکان بەیەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی مۆرفۆلۆژیش دەژمێردرێت.

لەسەر ئەو بنەمایە، وەهای بۆ دەچین فۆرمی(/ - ی/) لەدیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، لە پێکهاتوی (سینتاکسیی)دا، وەکو مۆرفێمێکی بەند چەند ئەرکێک ببینێت، وەك:

## یەکەم- مۆرفێمی تافی ڕابوردوو-tense

تافی ڕابوردوو، ئەو تافەیە، کە ڕوداوەکەی کەوتووەتە پێش ئاخاوتن و ڕودانی تافەکەیش بەسەرچووە و ڕویداوە، لە زمانی کوردییدا مۆرفێمەکانی(ا، وو، ی ،د ،ت ) لەبەرئەوەی واتای دوریی نیشاندەدەن، بۆیە بە مۆرفێمەکانی تافی ڕابوردوو ناسراون. لەم وەچەپارەدا هەوڵدەدەین، تەنها لە مۆرفۆفۆنێمی(/-ی/) وەکو مۆرفێمی تاف بدوێین، وەك:

| ناو-کرداریی | | ڕەگی کردار | تاف-ڕابردوو |
|---|---|---|---|
| ١-ا) /فڕین/ | [fɨ . R´i:n] | /فڕ/ | /-ی/ |
| ب) /بڕین/ | [bɨ . R´i:n] | /بڕ/ | /-ی/ |
| پ) /بینین/ | [bi . n´i:n] | /بین/ | /-ی/ |

لە نموونەکانی(١-ا، ب، پ)دا، فۆرمی(-ی) وەکو مۆرفێمێکی ڕێزمانیی ئەرکی تافی ڕابوردوی بینیووە (ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٣١٤). هێزی سەرەکییش لەسەر تافەکە بەرجەستەدەکرێت و (/-ی/) خاو/درێژ دەردەبڕێت. لە ڕوی واتاوە مۆرفێمی(-ی) دەربڕی تافێکی دیارینەکراوی ڕابورووە، دەکرێت لە ڕێی (کات(time-ەوە، تافە دیارینەکراوەکان نیشانبدرێن(مەعرووف: ٢٠٢٠: ١٩٦)، وەک:

٢-ا) سیروان دوێنێ کتێبەکەی کڕی.

ب) سیروان پێرێ کتێبەکەی کڕی.

نمونەکانی(٢-ا، ب) دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە لە ڕێگای ئاوەڵکردارەکانی(/دوێنێ، پێرێ /)ەوە، تافە دیارینەکراوەکان دیاریکراون.

## دووەم- جێناوی لکاو

لە زمانی کوردییدا جێناوە لکاوەکان بە مۆرفێمی بەند ناسراون، بەتەنها هیچ واتایەکیان نییە، بەڵکو واتاکانیان لەگەڵ کەرەستەی تردا دەردەکەون. مۆرفێمە کەسییە لکاوەکان جێکەوتەکانیان لە گۆڕاندایە و ئەرکی ڕێککەوتن دەبینن، دەکرێت بوترێت، ئەو ئەرکەیش دوو ئەرکی ڕێزمانیی (بکەریی، بەرکاریی) دەبینن(مەحویی: ٢٠٠١: ٨٣). لە زمانی کوردییدا مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن، هەندێک جار وەها دەکات نواندنێکی مۆرفۆسینتاکسیشی هەبێت، کە نواندنی ڕستەیەکی تەواو بە مۆرفێم نیشانبدرێت. بۆیە بەپێویستی دەزانیین لەم باسەدا، هەندێک زانیاریی تایبەت بە مۆرفێمی(/ی/) بخەینەڕوو.

### ١- جیناوی لکاو- ڕابوردوی تیپەر

| جیناوی سەربەخۆ | ناوی کرداریی | قەد | جێناو-ڕێککەوتن | کەس و ژمارە | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | | | /- م / | ١ | |
| تۆ | | | /- یت / | ٢ | تاک |
| ئەو | / خەوتن/ | /خەوت/ | /-ی/ | ٣ | |
| ئێمە | | | /-ین/ | ١ | |
| ئێوە | | | /-ن/ | ٢ | کۆ |
| ئەوان | | | /-ن/ | ٣ | |

لە نموونەکانی سەرەوەدا، کە مۆرفێمی(/-ی/) مۆرفێمێکی دیکەی ڕێزمانیی ناو فەرهەنگە و لەگەڵ کەسی سێهەمی تاکدا، لەکەڵ کرداری تافاردا- ڕابوردوودا، وەکو جێناوی لکاو دەرکەوتووە و ئەرکی بکەریی بینیووە. هێزی سەرەکییش لەسەر ڕەگی کردارەکە بەرجەستەدەکرێت، بۆیە (/-ی /) کورت/گرژ دەردەبڕرێت.

دەکرێت ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییەش بکرێت، کە فۆڕمی(/-ی/) وەکو کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی ئەرکی بەرکارییش دەبینێت(صالح: ٢٠١٦: ١١٣-١١٤). وەک:

| ڕستە | نیشانەی داهاتوو | + جێناوی بەرکاریی | + ڕەگ | + جێناوی بکەریی |
|---|---|---|---|---|
| ١-ا) من ئەو دەناسم | / دە/ | + /ی/ | + /ناس/ | + /یت/ |
| ب)تۆ ئەو دەکوژیت | / دە/ | + /ی/ | + /گوژ/ | + /یت/ |

نمونەکانی (١-ا، ب) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە مۆرفێمی(/-ی/) لەگەڵ کرداری تافی ڕانەبردوودا، وەکو جێناوی لکاو دەرکەوتووە و ئەرکی بەرکاریی بینیووە. بەهەمان شێوە هێزیی سەرەکیی لەسەر ڕەگی کردارەکە بەرجەستەدەکرێت، بۆیە (/-ی /) بەرکاریی کورت/گرژ دەردەبڕرێت.

## ٢- جیناوی لکاو- ڕابردوی تێنەپەڕ

جیناوی سەربەخۆ + ناوی کرداریی + قەد + جێناو- ڕێککەوتن + کەس و ژمارە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | | | /- م / | ١ | |
| تۆ | | | /- ت / | ٢ | تاک |
| ئەو | / خواردن/ | /خوارد/ | /-ی/ | ٣ | |
| ئێمە | | | /-مان/ | ١ | |
| ئێوە | | | /-تان/ | ٢ | کۆ |
| ئەوان | | | /-یان/ | ٣ | |

نمونەکانی سەروە ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە فۆڕمی(/-ی/) وەکو مۆرفیمێکی ڕێزمانیی لەگەڵ کردار- ڕابوردوی تێنەپەڕدا، وەکو جێناوی کەسی سێهەمی (تاک- لکاو) دەرکەوتووە و ئەرکی بینیووە. هێزیی سەرەکییش لەسەر ڕەگی کردارەکە بەرجەستەدەکرێت. لە ڕوی ئۆرگانییەوە (/- ی /) کورت/گرژ دەردەبڕرێت. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، کاتێک جیناوە لکاوەکان بەمۆرفیمی(/-ان/) کۆ دەکرێن، مۆرفێمی(/-ی/) وەکو مۆرفێمێکی ڕێزمانیی لەگەڵ کەسی سێهەمی کۆدا، ئەرکی جێناوی لکاو بینیووە. ئەگەرچی لە فەرهەنگدا دوو مۆرفێمی جیاوازن، تەنانەت لە ڕوی ئۆرکانیی- فۆنەتیکیشەوە وەکو یەک دەرنابڕرێن و دوو سەگمێنتی جیاوازن، وەک:

ا) /خوارد-ی/ [xw´a:r . di]

ب) /خوارد-یان/ [xward . y´a:n]

لە نمونەی(ا)دا، فۆڕمی(/-ی/) وەکو سەگمینتێکی فۆنۆلۆژیی(بڕگەیی/ڤاوڵ)ەو، بەڵام لە(ب)دا، سەگمینتێکی (نابڕگەیی/کۆنسۆنانت)ە، چونکە لەسەرەتای بڕگەوە هاتووە.

## ٢- جێناوی لکاو- ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ

جیناوی سەربەخۆ + ناوی کرداریی + ڕەگ + جێناو- ڕێککەوتن + کەس و ژمارە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | | | /- م / | ١ | |
| تۆ | | | /- ی/یت / | ٢ | تاک |
| ئەو | / خەوتن/ | /دە+خەو/ | /-ێ/ێت/ | ٣ | |
| ئێمە | /مردن/ | /دە +مر/ | /-ین/ | ١ | |
| ئێوە | | | /-ن/ | ٢ | کۆ |
| ئەوان | | | /-ن/ | ٣ | |

لە نمونەکانی سەروەدا، فۆڕمی(/- ی/) و (/-یت/) ئەلۆمۆرفی یەکترن و لەگەڵ کەسی (سێهەم- تاک) وەکو جێناوی لکاو دەرکەوتوون. بەهەمان شێوە هێزی سەرەکییش لەسەر ڕەگی کردارەکە بەرجەستەدەکرێت، بۆیە مۆرفێمی (/-ی /) کورت/گرژ دەردەبڕرێت. دەکرێت ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت، ئەگەرچی مۆرفێمی (/-ی /) وەکو ئەلۆمۆرف دەرکەوتووە، بەڵام تاکو ئێستایش فۆڕمی (/-ی /) لە ئاخاوتن و نوسیندا زۆر لە (/-یت/) چالاکترە(مەحمود: ٢٠٠١: ١٠٤-١٠٥).

### سێهەم- نیشانەی ئیزافە/خستنەسەر

لێکۆڵینەوە کوردییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە مۆرفێمی(/- ی/) وەکو نیشانەی ئیزافە بە دیارخراوەوە دەلکێ و پەیوەندیی نێوان دیارخراو و دیارخەر نیشاندەدات (مارف، ١٩٧٩: ٢٢٦-٢٢٧، مەحموود: ٢٠٠١: ٩٤-١٠٠)، وەک:

١-ا) پێشمەرگەکانی کوردستان قارەمانن.

ب) کۆتری سپییم کڕی.

پ) کچێکی شۆخ و شەنگم بینی

لە نموونەکانی(١-ا، ب، پ) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە مۆرفۆفۆنیمی(/-ی/) ، وەکو مۆرفێمێکی ڕێزمانیی (نیشانە- ئیزافە) دیارخراو و دیارخەری بەیەکەوە بەستووەتەوە، (هێزی- سەرەکیی) جەختکرنەوەیش بەشێوەیەکی ئازادانە لەسەر یەکێک لە وشە فەرهەنگییەکان دادەنرێت، نیشانەی دانەپاڵ(/-ی/) بەهیچ چەشنێک هێزی سەرەکیی وەرناگرێت، بۆیە (کورت/گرژ) بەرجەستەدەکرێت.

### پوختە و ئەنجامەکان

١- لەزمانی کوردیی- دیالێکتی ناوەڕاستدا، مۆرفۆفۆنیمی(]ی ~ i / یی[ i: ~) لە پێکهاتوی (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)دا، وەکو (مۆرفۆفۆنێم) هاوفۆڕمن و ئەرکی جوراوجۆر دەبینن، بەڵام هاوبێژ نیین.

٢- نابڕگەیی (/ی~y/) لە دروستکردنی وشەی فۆنۆلۆژییدا زۆر چالاکە، لە سەرەتای بڕگە و وشەدا وەکو نیمچەبڕگەیی دەردەکەوێت. بەپێی نوسینی ئەلفوبێی کوردیی لەگەڵ (/ی~i/) بڕگەییەکی هاوفۆرمە، بەڵام دوو سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی جیاوازن.

٣- بڕگەیی (/ی~i/) لە وشەی فۆنۆلۆژیی ومۆرفۆلۆژییدا، کاتێک هێزی سەرەکیی لەسەر نییە، لە ڕوی ئۆرگانییەوە (کورت/گرژ) دەردەبڕرێت، کاتێک هێزی سەرەکیی لەسەر دەبێت(]یی[ i:~)خاو/درێژ بەرجەستە دەکرێت. بەوواتایە، بەهۆی هێزەوە بەگرافیمەکانی(/ی~i/) گرژ و (/یی i: ~) خاو، وەکو ئەلەفۆن دەردەکەون.

٤- لە پێکهاتوی مۆرفۆلۆژییدا، مۆرفۆفۆنیمی (]یی[ i: ~) وەکو پاشگر یەک فۆڕمیان هەیە و دوو پاشگری جیاوازن، کاتێک بەشداریی وشە دروستکردن دەکەن، بە زۆریی هەڵگری هێزی سەرەکیین، بۆیە (خاو/درێژ) بەرجەستە دەکرێن.

٥- لە پێکهاتوی سینتاکسدا، وەکو مۆرفێمێکی سینتاکسیی بە دەگمەن هێزی سەرەکیی وەردەگرێت، بۆیە (/ی~i/) (کورت/گرژ) بەرجەستە دەکرێت.

## سەرچاوەکان

١- مارف ، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردیی، مۆرفۆلۆژیی- ناو، ب١، ب١، بەغدا.

٢- مەحموود ، ئازاد ئەحمەد ( ٢٠٠١ )مۆرفێمەکانی(ی) لە زمانی کوردیدا(بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو و ژوروو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە(ئیبن- ڕوشد)، زانکۆی بەغدا.

٣- یونس ، بازیان (٢٠٠٩)، مۆرفۆفۆنیم لە ڕوانگەی بابەتەوە، ژ١، گۆڤاری زمانناسی-هەولێر.

٤- محەمەد ، بژوێن یحیی (٢٠٢١)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا،چ١.

٥- صالح ، پێشڕەو (٢٠١٦)، یاسا مۆرفۆنۆلۆجییەکان لە دارشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦- غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧- غەریب ، دڵشاد محەمەد ، ئاسۆ عبدالرحمن، نوری نسرین (٢٠٢١)، ئەلەفۆن و ئەلۆپیت لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، خ٨، ژ٣.

٨- سالح، دەروون عەبدولڕەحمان ، دزەیی، عەبدوالواحید موشیر، محەمەد، دانا تەحسین ، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥.

٩- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ب١، چ١.

١٠- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا و دڵشاد محەمەد غەریب(٢٠٢١)، مەرجی فۆنۆلۆژیی لە پرۆسەی بەوشەبووندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٨، ژ٣.

١١- ڕەسوڵ ، عەبدوڵلا حوسێن ( ٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی- کوردی، ب١، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، ژ(٢٢٣).

١٢- مەحویی، محەمەد ( ٢٠٠١ )، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.

١٣- مەحویی، محەمەد ( ٢٠٠٨ )، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، ب١، زانکۆی سلێمانی.

١٤- مەحویی، محەمەد ( ٢٠١٦ )، مەنامە، زانکۆی سلێمانی.

١٥- مەحویی، محەمەد ( ٢٠٢١ )، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان- مۆرفۆلۆژیی کوردیی، ب١و٢، سلێمانی.

١٦- محەمەد، هێرش کەریم حەمید ( ٢٠١٥)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.